سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و سوریا کۆبونەوە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێنێرال کێڤن لیهی، فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و سوریا کۆبونەوە و باسیان لە گرنگیی بەردەوامیی هاوکاریی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، لێگە هاوکاری لێگە حکومەتی فیدراڵی عێراق لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و بەهێزکردنی تواناکانی هێزە ئەمنییەکان، کردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی ئەمە چوارشەممە پێشوازیی لە جێنێرال کێڤن لیهی، فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و سوریا کرد و لە کۆبونەوەیەکدا دوایین پێشهاتەکانی بارودۆخی ئەمنی لە عێراق و سوریا، هەڕەشەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لەسەر ئاسایش و سەقامگیرییان، تاوتوێ کران.
ئاماژە بەوەشکراوە، جێختیان لەسەر گرنگیی بەردەوامیی هاوکاریی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، لێگە هاوکاری لێگە حکومەتی فیدراڵی عێراق لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و بەهێزکردنی تواناکانی هێزە ئەمنییەکان، کردەوە.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، لە کۆبونەوەکەدا هەروەها دەربارەی پرسەکانی پێیوەست بە

چاکسازی لە وەزارەتی کاروباری پەشمەرگە، لەگەڵ هەماهەنگیی نێوان دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و هەزەکانی هاوپەیمانی بیروباوەڕیان گەیەنراوە.